# پەیوەندیی پیرەمێرد و گۆڤاری "رسملی کتاب"

## لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامە فەرمییەکانی ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانیدا

د. سامان مستەفا ڕەشید*

**بەرایی:**

پلەوپایەی حاجی توفیقی پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠)، چ وەک شاعیر و ئەدیب و نووسەر و چ وەک ڕۆژنامەنووس، لە ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا، بە جۆرێک دیار و بەرچاوە کە پێویست بە ناساندن و بەڵگەهێنانەوە ناکا. وەک زانراوە حاجی توفیق پیرەمێرد لە چەند کایەیەکی ڕۆشنبیریی وەک شیعر و ئەدەبیات، ڕۆژنامەگەری و وەرگێڕاندا، ئەسپی خۆی تاوداوە و جێپەنجەیی بەسەر ئەوە کایانەوە بەجێهێشتووە. پیرەمێرد دوای ئەوەی ساڵی ١٨٩٩ لەگەڵ شێخ سەعید و شێخ مستەفای نەقیبدا چووەتە ئەستەمووڵ، ماوەیەکی درێژ لەوێ ماوەتەوە و کۆلێژی حقوقی تەواوکردووە. ئەو ماوەیەی ئەستەمووڵ چەندین چالاکیی ڕۆشنبیری و ئەدەبیی ئەنجامداوە و لە چەندین ڕێکخراو و کۆمەڵەدا کاریکردووە و ڕۆڵی لە دەرکردنی چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەدا بینیوە. ئەوەی ئێمە لەم توێژینەوەدا دەمانەوێ، لە بەر ڕۆشنایی بەڵگەنامە فەرمییە بلاونەکراوەکانی ناو ئەرشیفی عوسمانیدا، لەسەری بوەستین و لێیبکۆڵینەوە و تیشکی بخەینە سەر، پەیوەندیی پیرەمێردە بە دەرکردنی گۆڤاری "رسملی کتاب"ەوە، تا بزانین پیرەمێرد چ ڕۆڵێکی لە دەرکردنی ئەو گۆڤارەدا هەبووە؟

### ١. گۆڤاری "رسملی کتاب" (١٩٠٨–١٩١٤)

"رسملی کتاب" وەک گۆڤارێکی مانگانەی وێنەدار بە زمانی تورکی، یەکەمین ژمارەی ئەیلوولی ١٩٠٨ لە ئەستەمووڵ چاپ و بڵاو کراوەتەوە؛ دوا ژمارەیشی، واتا ژمارە ٥١، تشرینی یەکەمی ١٩١٤ بڵاوکراوەتەوە. گۆڤارەکە لە ماوەی نێوان ١٩٠٨-١٩١٤دا بە کۆی گشتی (٥١) ژمارەی لێدەرچووە و لە (٩) بەرگدا کۆکراوەتەوە.[1] بەرگی ژمارە یەکی گۆڤارەکە ئەمانەی لەسەر نووسراون: مودیری گۆڤارەکە عوبەیدوڵلا ئەسعەد، سەرنووسەر فایەق سەبری، موحەریر سەفوەتی زییا و دامەزرێنەرانی فایەق سەبری و عوبەیدوڵلا ئەسعەد. ئەمە جیا لەوەی کە نووسراوە هەموو مانگێک لە پازدەی مانگدا بڵاودەبێتەوە و گۆڤارێکی ئەدەبی، سیاسی، فەننی، فەلسەفی و کۆمەڵایەتنی وێنەدارە و نرخی (٥) قرۆش بووە.[2] وەک دەردەکەوێ ناوی خاوەنی ئیمتیاز لەسەر بەرگی ژمارە یەک و ژمارەکانیتریش نەنووسراوە و هیچ ئاماژەیەکیان بۆ ناوی سلیمانیەلی توفیق تێدانییە و ڕیزبەندی وەسفی گۆڤارەکەیش لەگەڵ داواکارییەکەی پیرەمێرددا جیاوازیی هەیە و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و فەلسەفیشی بۆ زیادکراوە.

گۆڤارەکە لە ئەدەبیاتی ئەو سەردەمەی عوسمانیدا خاوەنی پێگەیەکی گرنگ بووە، بۆیە توانیویەتی ژمارەیەکی بەرچاو لە قەڵەمە دیارەکانی بواری نووسین، توێژینەوە، ئەدەبیات، شیعر، هونەری نیگارکێشان، مۆسیقای ئەوکاتە لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە؛ لە نموونەی: عەبدوڵلا جەودەت، ئەحمەد ڕاسیم، عەلی کەمال، سێلال نووری، فایەق سەبری، خالید زیا، کلیسلی ڕیفعەت، ڕەجاییزادە

---

* دکتۆرا لە مێژووی عوسمانیدا.

[1] Tayfun BARIŞ, Meşrutiyet Döneminin Uzun Soluklu Yayinlarindan Biri Olarak Resimli Kitap Dergisi, U.Ü. Fen-Edebiyat Fakültesi Sosyal Bilimler Dergisi Yıl: 20, Sayı: 31, 2016/2, s. 244.

[2] Resmli kitap, cilt 1. sayı 1-6.

ئەکرەم، جەناب شەهابەدین، مەحموود عیساد، دکتۆر ئەدهەم، تۆفیق فیکرەت، محەمەد نوورەدین، نیگارکێش حوسێن عەونی، ساڵح زەکی، سەلیم سیری، سولەیمان بەحری، یووسف ئاکچورا، وەلید چەلەبی، مەسید شەوکەت، ئەحمەد ڕەفیق، ئیسماعیل حەمی و عەساف معامەر، عەبدولحەو حامید، ئەحمەد هاشم، ئەحمەد حیکمەت، عەلی جانیب، عەلی ئەکرەم، عەلی فەخری، بەها تەوفیق، بەدیع نووری، جەمیل سولەیمان، ئەمین بولەند، فایەق عەلی، حەمدوڵلا سوبحی، حەسەن تەحسین، حوسێن کازم، حوسێن سیرەت، حوسەین سوعاد، عیزەت مەلیح، کامیل فلاماریۆن، تریستان بێرنار، مەحموود سادق، محەمەد عەلی تەوفیق، محەمەد بەهجەت، محەمەد ئەمین، محەمد فەرید، محەمەد کەمالەدین، محەمەد ڕەئووف، میدحەت جەمال، موفید ڕەتیب، نوورەدین ڕامیح، ڕەئیف نەجدەت، ڕەئووف یەکتا بەی، ڕەفیق خالید سەفوەت نەزیحی، سەفوەتی زیبا، سامی پاشازادە سێزای، سولەیمان نەزیف، شاهەبەدین سولەیمان، تەحسین ناهید، عوبەیدوڵلا عیسا و یاقووب قەدری.[3] لەپاڵ ئەو ناوە گەورانەی کایەی ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمەی ئەستەموولدا، ژمارەیەکی بەرچاو نووسەر و ڕۆشنبیری ئافرەتیش بابەتی جۆراوجۆریان بۆ گۆڤارەکە نوسیویە، لە وێنەی: نیگار بنتی عوسمان، پرێنسس قەدرییە، لەیلا خانم، شوکوفە نیهال، ئامینە سەمییە و خالیدە ساڵح [خالیدە ئەدیپ].[4]

بەکورتی، بە لەبەرچاوگرتنی دەوڵەمەندی لە ناوەڕۆکدا و گرنگیی ئەو نووسەرانەی کە بابەتیان بۆ گۆڤارەکە نووسیوە، گۆڤارەکە بایەخێکی گەورەی مێژوویی هەیە، ئەم بایەخە گرنگە مێژووییەیشی وای کردووە بەگوێرەی زانیاریی ئێمە تا ئێستە دوو ماستەرنامە لەسەر گۆڤارەکە لە زانکۆکانی: تراقیا و ئولوداغی بورسە بنووسرێ.[5]

٢. سولەیمانیەلی حاجی تۆفیق و گۆڤاری 'ڕسملی کتاب'

وەک باسمان‌کرد، 'ڕەسملی کیتاب' یەکێک بووە لە نەفەس‌درێژترین گۆڤارەکانی دوا سەردەمی عوسمانی و خاوەنی پایە و پێگەیەکی گرنگە لە ئەدەبیاتی تورکیی عوسمانی‌دا، سەبارەت بە پەیوەندیی پیرەمێرد بە گۆڤاری 'ڕسملی کتاب'ەوە، ئەگەرچی ئەوانەی وا گرنگییان بە ژیاننامەی پیرەمێرد دابوو، لە نموونەی عەلائەدین سەجادی و محەمەد ڕەسووڵ هاوار، باسیان لەوە کردووە کە پیرەمێرد خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری 'ڕسملی کتاب' بووە.[6] هەرچی عەبدولجەبار محەمەد جەباریشە، وتوویە پیرەمێرد ماوەی چوار ساڵ ئەرکی خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری ڕەسیملی کیتابی ڕاپەڕاندووە.[7] بەڵام لەبەرئەوەی هیچ یەکێک لەوانەی کە ناومان‌هێنان، بەڵگەی یەکلاکەرەوەیان لەمەڕ ئەو بابەتە بەدەستەوە نەدابوو، مالمیسانژ جیا لەوەی گومانی خستووەتە سەر ئەو زانیارییانە، نووسیویە لەو چەند ژمارەی گۆڤارەکە کە دەستی‌کەوتووە، هیچ جۆرە بەڵگەیەکی چنگنەکەوتووە ئەو زانیارییانە پشت‌ڕاست بکاتەوە.[8]

دوای سۆراغکردنم بۆ ئەم بابەتە لە ئەرشیفی عوسمانی‌دا، گەیشتمە سەرئەنجامێکی سەیر، بۆم

[3] Tayfun Bariş, Resimli Kitap Dergisi'nin İncelenmesi (9–16. Sayılar), Trakya Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü Türk Dili Ve Edebiyatı Anabilim Dalı Türk Edebiyatı Bilim Dalı Yüksek Lisans Tezi, EDİRNE 2010, S.50-51.

[4] A. t. s. 51.

[5] بڕوانە:
Tayfun Bariş, Resimli Kitap Dergisi'nin İncelenmesi (9–16. Sayılar), Trakya Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü Türk Dili Ve Edebiyatı Anabilim Dalı Türk Edebiyatı Bilim Dalı Yüksek Lisans Tezi, EDİRNE 2010; Emre Zebek, Resimli Kitap Dergisinin 35-41. Sayilarinin İncelenmesi, Bursa Uludağ Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü Türk Dili Ve Edebiyatı Anabilim Dalı Yeni Türk Edebiyatı Bilim Dalı, Bursa 2019.

[6] علاءالدین سجادی، مێژوی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد ١٩٥٢، ل٤١٩؛ محەمەد رسول هاوار، پیرەمێردی نەمر، بەغداد، ١٩٧٠، ل١٤.

[7] محمد عبدالجبار جباری، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، سلێمانی، ١٩٧٠، ل١٦٣.

[8] مالمیسانژ، جەمعییەتی تەعاون تەرەقی کورد و ڕۆژنامەکەی، و. زریان ڕۆژهەڵاتی، پێداچوونەوەی سدیق ساڵح، چاپخانەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی حەمدی، سلێمانی ٢٠٠٧، ل١٢٣-١٢٤.



66/369

دەرکەوت هەم زانیارییەکانی عەلائەدین سەجادی و محەمەد ڕەسوڵ هاوار ڕاستن، هەمیش بۆچوون و زانیارییەکەی مالمیسانژ!

زانیاریی ئەو دوو نوسەرە کوردە ڕاستە کە ئیددیعایانکردووە پیرەمێرد خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری "ڕسملی کتاب" بووە، ئەمە بە بەڵگەی ڕەسمیی وەزارەتی ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی دەسەلمێنم. ئەو بۆچوونەی مالمیسانژیش ڕاستە کە ژمارەکانی گۆڤاری "ڕسملی کتاب"دا هیچ جۆرە بەڵگەیەکی تێدانییە ئەو ئیددیعایە بسەلمێنێ؛ واتا ناتوانین بە زانیارییەکانی سەر ڕووپەڕی گۆڤارەکە بیسەلمێنین پیرەمێرد پەیوەندییەکی بەو گۆڤارەوە هەبووە!

ئێستە کاتی خۆیەتی بپرسین، کەوابێ ئەسڵی [illegible]

[illegible] شێوەیەیە کە لێرە باسیدەکەم: [illegible]دا، دوای سۆراغکردنی ئەم بابەتە لە ئەرشیفی عوسمانیدا، بۆم دەکەوت سێ دۆسیە لەبارەی گۆڤاری "ڕسملی کتاب"ەوە هەیە: دۆسییەیەک لە وەزارەتی ناوخۆ- مەکتووبی قەلەمی (Dahliye Mektubi kalemi. DH.MKT.)، دوو دۆسیەیش لە زەبتییە (ZABTIYE. ZB) کە زانیاریی ورد و بەڵگەی یەکلاکەرەوە لەو بارەیەوە بەدەستەوەدەدەن و کۆتایی بەو گومان و مشتومڕە دێنن؛ واتا بەڕوونی ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە سولەیمانیەلی تۆفیق (پیرەمێرد) خاوەنی بیرۆکە و دامەزرێنەر و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری "ڕسملی کتاب" بووە و هەر ئەویش بووە بە ناو و مۆری خۆیەوە داواکاریی پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی کردووە، تا مۆڵەتی بڵاوکردنەوە و چاپکردن و ئیمتیازی گۆڤارێکی بە ناوی " ڕسملی کتاب"ەوە پێبدەن. دواجار مۆڵەت و شەهادەتنامەی گۆڤارەکەیش هەر بە ناوی ئەوەوە لە وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەرایەتیی چاپکردن تۆمارکراوە. ئەمەش بە بەڵگەی ئەوە سولەیمانیەلی تۆفیق لە ٢٦ی ڕەجەب ١٣٢٦ی کۆچی و ١١ی ئۆغۆستۆسی ١٣٢٤ی ڕۆمی (واتا ٢٤ی ئابی ١٩٠٨ی زاینی) داواکارییەکی بە ناو و مۆری خۆیەوە پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ کردووە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی بڵاوکردنەوە و ئیمتیازی گۆڤارێکی "ڕسملی کتاب" ناو کە ئاماژەی بەوە کردوە گۆڤارەکە سەرەتا مانگانە و دواتر دەبێتە هەفتانە، گۆڤارێکی سیاسی، زانستی، هونەری، ویژەیی، ئابووری، گەپجاڕ و هەمەچەشنە دەبێ و بابەت و بانگەشە (ڕیکلام) لەبارەی ئافرەتیشەوە لەخۆدەگرێ.[9] ئەمە بەڵگەیەکی ڕەسمی و ڕوون و ڕەوانە کە پیرەمێرد دامەزرێنەر و خاوەنی بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤارەکە بووە و بە ئاشکرا داوایکردووە مافی ئیمتیازی گۆڤارەکەی پێبدرێ. شایانی باسە، ئەم داواکارییە پیرەمێرد گەیشتووەتە وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەرایەتیی چاپەمەنییەکان لەو وەزارەتە بە فەرمی و بە فەرمانی ژمارە (٦٠٨)ی ڕۆژی (٢٥ ئابی ١٩٠٨) وەڵامی ئەو داواکارییەی پیرەمێردی داوەتەوە؛ لە فەرمانەکەیدا وێڕای دووپاتکردنەوەی زانیارییەکانی ناو داواکارییەکەی سولەیمانیەلی تۆفیق لەبارەی جۆری گۆڤارەکەوە، ئاماژەی بۆ کردووە کە ئەو داواکارییەی وا بە ناوی سولەیمانیەلی تۆفیقەوە بۆ پێدانی مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "ڕسملی کتاب" پێیانگەیشتووە، کۆک و هاوتەریبە لەگەڵ بڕگەکانی ماددەی سێیەم و چوارەمی یاسای پەیڕەوی چاپەمەنییەکاندا و داواکراوە جێبەجێکردنی مامەڵەی ناوبراویش بۆ کاری پێویست بنێردرێ بۆ وەزارەتی زەبتییە.[10] هەر لەم بارەیەوە بە نووسراوی ژمارە (٧١٣) و بە واژۆی وەزیری کاروباری ناوخۆ لە ٢٩ی ڕەجەبی ١٣٢٦ی کۆچی و ١٣ی ئۆغۆستۆسی ١٣٢٤ی ڕۆمی (واتا ٢٧ی ئابی ١٩٠٨)دا، مامەڵەی داواکردنی مۆڵەت بۆ گۆڤاری "ڕسملی کتاب" لەسەر داوای سولەیمانیەلی تۆفیق نێردراوە بۆ

[9] BOA. DH. MKT. 1286.43. 2.

[10] BOA. DH. MKT. 1286. 43. 1.

وەزارەتی زەبتییە.[11] جێگەی ئاماژەپێکردنە کە هەر بۆ بابەتی پێدانی ئەم مۆڵەتە بە سولەیمانیەلی تۆفیق "شەهادەتنامە"یەکی لە ٢٥ی ئابی ١٩٠٨دا بۆ دەرکراوە، واژۆی عوبەیدوڵلا ئەسعەد و کەسێکی‌تری لەسەرە کە لەبەر تێکچوونی نەتوانرا بخوێنرێتەوە و لە هەمان دۆسیەدا پارێزراوە. دیسانەوە تێیدا هاتووە، تۆفیق ئەفەندی کە مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی وێنەداری بە زمانی تورکی دراوەتی، تا بابەتی هەمەچەشنە لەبارەی ئافرەتەوە بڵاوبکاتەوە و دانیشتووی گەرەکەکەمانە، تا ئێستا بە تاوانی ئەنجامدانی هیچ جۆرە جورم و جینایەتێک مەحکووم نەبووە و بەگوێرەی هەموو یاسا کارپێکراوەکان ئەم شەهادەتنامەمان بۆ ڕێکخستووە. لە بەشی [illegible] شەهادەتنامەکەیش‌دا هاتووە، شایەتی [illegible] لەناو شەهادەتنامەکەی تۆفیق [illegible]ون، قبووڵکراون.[12] شایانی باسکردنە کە دوایی کارمان بەم عوبەیدوڵلا ئەسعەدە دەبێ!

نووسراوێکی دۆسییەی سێیەم کە لە زەبتییەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ نێردراوە، وەڵامی نووسراوی ژمارە (٧١٣)ی وەزارەتی بەرزی ناوخۆیە، لە ١٣ی ئۆغۆستۆسی ١٣٢٤ی ڕۆمی (واتا ٢٧ی ئابی ١٩٠٨)دا نێردراوە و لەمەڕ پێدانی مۆڵەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "ڕسملی کتاب" کە ئێستا گۆڤارێکی وێنەداری مانگانەی تورکییە و لە ئایندەدا دەبێتە هەفتانە، گرنگی‌دەدا بە بڵاوکردنەوەی هەموو جۆرە بابەت و بڵاوکراوەیەک لەبارەی ئافرەتەوە؛ سولەیمانیەلی تۆفیق ئەفەندی داوای وەگرتنی مۆڵەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی کردبوو. لەبەرئەوەی ناوبراو هاووڵاتیی دەوڵەتی عوسمانییە و کەسێکی خاوەن‌نامووسە و سی ساڵی تەواوکردووە و هیچ جۆرە جورم و جینایەتێکی لەئەستۆنییە، بەتەواوی و بە کردەوە بە مافی کەسیی خۆی پەسەندکرا و دەتوانی گۆڤارەکە لە چاپخانەی مەحموودییە بەکرێ (بە پارە) چاپبکا.[13]

سەبارەت بە بۆچوونەکەی مالمیسانژ، بۆچوونەکەی دروستە، چونکە لەسەر ڕووپەڕی گۆڤارەکە بە هیچ شێوەیەک ناوی سولەیمانیەلی تۆفیق نەبراوە و دوای لێوردبوونەوەیەکی وردی ژمارەکانی گۆڤارەکە، بۆم دەرکەوت پیرەمێرد تەنانەت هیچ وتارێکیشی بۆ نەنووسیون! لەبەرئەوەی مالمیسانژ لە بۆچوونەکەی‌دا تەنها پشتی بەو چەند ژمارەیەی گۆڤارەکە بەستووە کە بەردەستی‌کەوتوون، لەگەڵ سەرچاوە کوردی و تورکییەکان و نەگەڕاوەتەوە بۆ بەڵگەنامەکانی ناو ئەرشیفی عوسمانی و ئەو بەڵگانەی نەدیون کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردوون.

لێرەدا پرسیارێک لۆژیکی لەبەردەممان‌دا خۆی قوت‌دەکاتەوە، گۆڤارێک کە پیرەمێرد خۆی مۆڵەتی بۆ وەرگرتبێ و خاوەنی ئیمتیازی بێ، چۆن ڕێگەی داوە بە هیچ جۆرێک ئاماژەی تێدا بە ناوی نەکرێ؟ لەوەش ئەولاتر، بەڵگەنامەکان سەلماندیان پیرەمێرد خۆی ئەم مۆڵەتەی بۆ دەرکردنی گۆڤارەکە وەرگرتووە و هی خۆی بووە، چۆن دەبێ یەک‌نووسینی خۆیشیی تێدانەبێ؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە، ئەگەرچی دوای گەڕان و پرسیارکردنێکی زۆر لە کەسانی پسپۆڕ و شارەزای مێژوو و ژیانی پیرەمێرد، نەگەشتینە وەڵامێکی یەکلاکەرەوە، چونکە نیشانە و بەڵگەنامەیەکی بەرجەستەمان لەم بارەیەوە دەستنەکەوت! بەڵام ڕەنگە پیرەمێرد بە هۆکارێکی نادیار خۆی تەنازولی لە مافی خاوەنایەتیی ئیمتیازی گۆڤارەکە هێنابێ و دواتریش بەهۆی سەرقاڵییەوە بە کاری میری و نووسین و ڕۆشنبیرییەوە، نەیپەرژابێ کار لەگەڵ گۆڤارەکەدا بکا؛ یا ئەوە کە بەتەواوی نێوانی لەگەڵ دەستەی نووسینی گۆڤارەکەدا تێکچووبێ و بە یەکجاری وازی لێ‌هێنابێ!

[11] BOA. ZB. 24.105. 2.

[12] BOA. ZBÇ 24. 105. 1.

[13] BOA. ZB. 325.105.

ماوەتەوە بڵێین: هەموو ئەوانەی کە لە سەرەوە باسکران، دەبن بە بەڵگەی بەهێز و حاشاهەڵنەگر لەوبارەیەوە کە گۆڤاری "رسملی کتاب" لە لایەن سولەیمانییەلی توفیق (پیرەمێرد)ەوە دامەزراوە و پیرەمێرد خۆی مۆڵەتی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی لە وەزارەتی ناوخۆ بۆ وەرگرتووە و مافی ئیمتیازی گۆڤارەکەیشی بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی نیزامنامەی چاپەمەنیی عوسمانی بەدەستهێناوە. بە لەبەرچاوگرتنی هەم گەورەیی پێگە و بایەخی مێژوویی گۆڤاری ناوبراو و هەم ئەوەیش کە پیرەمێرد لەبەر هۆیەکی نادیار وازی لە گۆڤارەکە هێناوە و هیچیشی بۆ نەنووسیون، ئەگەرچی نووسەرانی تورک، بە ئاگایی بێ یا بێئاگایی، ئەو دەستپێشخەری و ماندووبوونەی پیرەمێردیان بۆ وەرگرتنی مۆڵەت و بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکە نادیدە گرتووە، بەڵام دواجار ئەو بەڵگەنامە فەرمییانە دەیسەلمێنن پیرەمێرد بەو کارە دەستپێشخەری و گەورەی بۆ خۆی تۆمارکردوون و پرشنگداریشی لە مێژووی رۆژنامەگەریی ئەوکاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بۆ خۆی نووسیوەتەوە.

٣. ئەنجامگیری

گۆڤاری "رسملی کتاب" یەکێک بووە لە گۆڤارە گرنگ و بەبایەخەکانی دوا سەردەمی عوسمانی، لە ئەستەمووڵ دەرچووە و توانیویەتی ژمارەیەکی بەرچاو لە شاعیر و نووسەر و ئەدیبی ئەوکاتی ئەستەمووڵ لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و لە ماوەی نێوان ١٩٠٨-١٩١٤یشدا (٥١) ژمارەی لێ بڵاوبکاتەوە. هەروەها ئەگەرچی ناوی پیرەمێرد لە لاپەڕەکانی گۆڤارەکەدا، چ وەک خاوەنی ئیمتیاز و چ وەک نووسەریش نەهاتووە، بەڵام هەموو ئەوانە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕن کە دامەزرێنەر و خاوەنی ئیمتیاز و ئەو کەسەیش کە داوای وەرگرتنی مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکەی کردووە لە وەزارەتی ناوخۆی دەوڵەت، سولەیمانیەلی توفیق (پیرەمێرد) بووە و بەوەیش بەشێکی گەورەی چاکە و فەزڵی بڵاوبوونەوە و چاپبوونی ئەو گۆڤارە، بۆ پیرەمێرد دەگەڕێتەوە.

**پاشکۆکان**

(١)

دەقی داواکارییەکەی سولەیمانیەلی توفیق (پیرەمێرد)

بۆ بڵاوکردنەوە و پیدانی مافی ئیمتیازی گۆڤاری "رسملی کتاب"

وەرگێڕانی کوردیی دەقی داواکارییەکەی سولەیمانیەلی تۆفیق

هو (واتا بە ناوی خودا)

بۆ وەزارەتی ناوخۆی بەڕێز

بەڕێز جەنابی دەوڵەتلوو (وەزیر) ئەفەندم.

بە شێوەیەکی ئوسووڵی و لەسەر ناوی خۆم، داوادەکەم ئیمتیازی گۆڤارێکم بە ناوی "رسملی کتاب"ەوە وەک گۆڤارێکی تورکیی وێنەدار پێبدرێ، کە ئێستا گۆڤارێکی مانگانە دەبێ و لە ئایندەدا دەبێتە گۆڤارێکی هەفتانەی سیاسی، هونەری، ئەدەبی، ئابووری و گەپجاڕ، بە جۆرێک کە هەموو چەشنە بابەت و ئیعلاناتێکی پەیوەندیدار بە ئافرەت لەخۆدەگرێ. بە هەرحاڵ دواجار بڕیار هەر لای خاوەنفەرمانە. لە ٢٦ی ڕەجەبی ١٣٢٦ و لە ئاغستۆسی ١٣٢٤.

١٠ی ئاغستۆسی ١٣٢٤

(٥)

بەرگی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری "رسملی کتاب"



(١)

دەقی داواکارییەکەی سولەیمانیەلی توفیق (پیرەمێرد)

بۆ بلاوکردنەوە و پیدانی مافی ئیمتیازی گۆڤاری "رسملی کتاب"

وەرگێڕانی کوردیی دەقی داواکارییەکەی سولەیمانیەلی توفیق

هو (واتا بە ناوی خودا)

بۆ وەزارەتی ناوخۆی بەڕێز

بەڕێز جەنابی دەولەتلوو (وەزیر) ئەفەندم.


بە شێوەیەکی ئوسوولی و لەسەر ناوی خۆم، داوادەکەم ئیمتیازی گۆڤارێکم بە ناوی "رسملی کتاب"ەوە وەک گۆڤارێکی تورکیی وێنەدار پێبدری، کە ئێستا گۆڤارێکی مانگانە دەبێ و لە ئایندەدا دەبێتە گۆڤارێکی هەفتانەی سیاسی، هونەری، ئەدەبی، ئابووری و گەپجاڕ، بە جۆرێک کە هەموو چەشنە بابەت و ئیعلاناتێکی پەیوەندیدار بە ئافرەت لەخۆدەگری. بە هەرحال دواجار بڕیار هەر لای خاوەنفەرمانە. لە ٢٦ی ڕەجەبی ١٣٢٦ و لە ئاغستوسی ١٣٢٤.

١٠ی ئاغستوسی ١٣٢٤



سولەیمانیەلی توفیق

(مۆری محەمەد توفیق)





DH.MKT.01286.00043.001

11:50

(٤)

شەهادەتنامەی ئەستۆپاکیی سولەیمانیەلی توفیق کە داوای دەرکردنی گۆڤاری 'رسملی کتاب'ی کردووە



73/369